# ئێمە.... نیازی چیمان هەیە



**عومەر ئەمین عەلی**
omer_raniya@yahoo.com

لە ڕۆژگارێکدا کەمیللەت کەوتبووە بەر زەبری پۆستاڵی ڕەشی دوژمن، دەوڵەتیش لەژێر باری شەڕێکی درێژخایەنەدابوو لەگەڵ ئێران، شۆڕشی کوردیش لەتوپەتو لەژێر چەند ناوێکی سەیرو سەمەرەدابوو، کەس نامەی کەسی نەدەخوێندەوەو هەر لایەنێك خۆی بە براگەورەو خاوەنی کێشەکە دەزانی، خەڵکانێك کەپلەو پایەو خۆشیەکانی ژیان هەڵیخەڵەتاندن‌و شەرەف‌و ناموسی میللەتەکەی خۆیان بەچەند دینارێکی بێ نرخ فرۆشت، بوونە پاڵەوانی مەیدانی کوردایەتی‌و قائیدی زەرورەش بە (الفرسان) شۆڕەسوار ناوی بردن، کە زۆرینەیان لە سەرەك هۆزەکانی کوردستان بوون‌و بەشەکەی دیکەشیان خەڵکانێکی ئەلقە لەگوێی ڕژێم بوون، هەرچۆنێك بێت سەرەك هۆزەکان بەپێی داب‌و نەریتی کوردەواری‌و بەرژەوەندی خۆیان شتێکیان تێدا دەهێشتەوە، بەڵام ئەڵقە لەگوێکان تەڕو وشکیان بەیەکەوە دەسوتاند، هەر سەرەك هۆزێك مەیلی هەبوبێت فەوجێك بکاتەوە ڕەزامەندی یەکێك لە لایەنەکانی ناو شۆڕشی وەرگرتووە، لەدژایەتی یەکتریدا ڕەزامەندیان بۆ سەرەك هۆزەکان دەردەبڕی کە بن بەجاش بەو هیوایەی بە جاشەتیش هەر دۆستی ئەولایەنەبێت باشترە، نەوەك لایەکەیتر بۆخۆی بیقۆزێتەوە، جا ئەم سەرەك جاشانە کە ڕەزامەندی شۆڕشیان وەرگرت‌وبەدزیشەوە یارمەتیان بۆ شۆڕش دەناردو لە ناوەدا کارئاسانیان بۆ دەکرد، بەتەواوەتی لەمیللەت بێمنەت بوون، هەرچەندە لەژێر ناوی جاشایەتیدا خزمەتێکی زۆریان بەخەڵکی کرد بەوەی لەخزمەتکردنی سەربازی دووریان خستنەوە بە نەشرکردنیان لە فەوجەکاندا بەنیوە معاش بۆ ئەوانەی خزمەت دەکەن، واتە نیوەی معاشەکە بۆ ئامیر فەوجەکەو نیوەکەی دیکەی بۆجاشەکە، جۆرێکی دیکەیان بەبێ معاش بەرامبەر بەوەی جاشەکە لەناو ماڵ‌و منداڵی خۆیدا بمێنێتەوەو کاسپی خۆی بکات‌و نەچێت بۆبەرەکانی جەنگ‌و تەنانەت سەرەمانگەکان ئامادەبێت بۆسەرژمێری. جا سەری مانگان دیمانەی سەیرو سەمەرە ڕویدەدا خەڵکەکە ئامادە نەدەبوو بچێت بۆ سەرژمێری بەناچاری سەرۆك جاشەکان دەکەوتنە بازاڕەوە ئەوڕۆژە هەرچی کرێکارو حەمباڵی ناو بازاڕەکانە بەکرێیان دەگرتن‌ودەیانبردن بۆ بەردەم لیژنەی سەرژمێری. دوڵەتیش بەم هەموو پۆخڵەواتەی دەزانی بەڵام چی بگات دەستی بەسترابوو تا تەواوبوونی شەڕەکەی لەگەڵ ئێران، ئەوسا بەپێی بەرنامەیەك، کەهەموو هێزو توانای ئەو جاشانەی تێدا بەکارهات، میللەتی کوردی تێدا ئەنفال کرا، گەورەترین کارەسات لەمێژودا ئەنفالکردنی میللەت بوو لەسەردەستی ڕۆڵەکانی خۆی، کارەساتێکی زۆر گەورەبوو بەشێوەیەك یەکێك لەو جاشانە لە ئەنفالکردنی ناوچەیەکی کوردستاندا بۆی گێڕامەوە کەکاتێك جاشە کوردەکان خەڵکی گوندێکیان بەدەرناو شۆفڵەکانی سوپاش هەوڵی تێکدانی خانوبەرەکانیان دەدا، لەماڵێکدا سەگێك دەستی دانەدا، لەگەڵ کێلەی شۆفڵەکە کەوتە شەڕەوە هاواری دەکردو پەلاماری دەداو قەپی لێدەگرت ڕازی نەبوو کە ماڵەکەی‌و گوندەکەی تێکبدرێت!! گوندەکان تێکدەران‌و جاشی کوردیش ماڵی تالآنکراوی خەڵکی ڕەشوڕووتیان بۆ برا عەرەبە خۆشەویستەکەیان کۆدەکردەوەو ئەوانیش بۆ ماڵ‌و منداڵەکانی خۆیانیان بەدیاری دەبردەوە، بەڵام زۆر لە سەرەك جاشەکانیش ویژدانیان دەجولاو لەلایەکەوە دەیانویست ئەڵقە لە گوێیەتیەکەی خۆیان بسەلمێنن بۆدەوڵەت بۆیە لەپاڵ سوپادا هێرشیان دەکردە سەر گوندەکان، بەڵام لەکاتی دەستگیرکردنی خەڵکەکاندا سەرۆك جاشەکان هەوڵیان دەدا تولە ڕێیەکیان بۆبدۆزنەوەو دەربازیان کەن، لەهەندێك ناوچەشدا ڕێنیشاندەرو پشتیوانیەکی باش بوون بۆ ئەوگروپە چەکدارانەی لایەنەکان کە لەهەندێك جێگەدا تەنگیان پێ هەڵچندرابوو، ئەوەی ڕوویدا کارێکی یەجگار خراپ بوو نەدەبوو لەناو نەتەوەیەکدا ئەم هەڵوێستە ڕەشە هەبێت. بەڵام ئەوەی کە زۆرینەیەك لەوجاشانە کردنیان لەکاتی ڕاپەڕینە مێژوویەکەی بەهاری ئازادی، بەڕاستی پارسەنگێك بوو بۆ ئەو خیانەتەی کە پێشتر کردبوویان، ئەگەر ئەو جاشانە نەبوونایە سەرکەوتن بەدەست نەدەهات، من بەویژدانەوە دەڵێم سەرەتای ڕاپەڕین ئەوەی کەکرا جاش کردی بەپشتیوانی جەماوەر، هیچ سەرکردەو پێشمەرگەیەکی ناو لایەنەکانی شۆڕشی کورد لەمەیدانەکەدا نەبووە، جا دوابەدوا بەرەی کوردستانی لەهەموو خەڵکی کوردستان بووراوە نەك تەنها لەئەنفال چیەکان.

ئیمرۆ کورد لەقۆناغێکی ناسکدایە، وەکو نەتەوە پێویستی بەوەهەیە کە بەژیری‌و بەوریایی مامەڵە لەگەڵ هەموو کێشە هەنوکەیی‌و داهاتووەکاندا بکات، لایەنەکانی ناو دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان شازدەساڵە لەخزمەتی ئەو جاش‌و ئەنفال چیانەدان، شازدە ساڵە لەململانێی ڕەنگەکاندا ئەوانە کەرەسەیەکی بەهادارن‌و میللەتی ڕەش‌و ڕووتیش لەزەرەرو زیاندایە، دەبێت چ هۆیەك بوبێتە هۆی ئەوەی ئێستا دوای شازدە ساڵ ئەم کێشەیە بورژێنن، بەبیروڕای من کاتی ئەوە نیەو واش باشترە کە لایەنە کوردستانیەکان ڕێز لە بڕیارە پێشینیەکانی خۆیان بگرن، کاتی ئەوەنیە ئەوانە بانگێش بکرێن بۆ دادگایی کردن، چونکە ئەم مەسەلەیە

بۆگەنیوە تا داری تێوەبدرێت زیاتر بۆنی دێت و ماڵی کورد زیاتر لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت، جا ئەگەر لایەنە کوردیەکانی ناو دەسەڵاتی هەرێم دەیانەوێت بەم کارە هەندێک لە پۆخلەواتەکانی دیکەی پێ بشارنەوە ئەوا کای کۆن بە بانەکرێت باشە، لەبەرئەوەی پۆخڵەواتی دیکەی کۆن بە دەردەکەوێت کە بەهیچ شێوەیەک لەو سەردەمەدا لەبەرژەوەندی ئەمنی قەومی میللەتی کوردا نیە. واش باشترە کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا بەرژەوەنیەکانی میللەت لەبەر چاو بگیرێن و راگەیاندنەکانیش بەبێ مقاش دەست بۆ پۆلوی ئاگرنەبەن. واباشتربوو راگەیاندنەکان رۆڵێکی بالآیان هەبایە لەچارەسەرکردنی گرفتە هەنوکەیەکاندا، ئیمرۆ بەستەڵەکێک کەوتۆتە ناو باری ئابووری کوردستانەوە، رۆژ لەدوای رۆژ کارەکان بەرەو سستی دەڕۆن و بەهاکان دادەبەزن، بەهۆی ترسێکی بێبەرنامەوە، دەبوو راگەیاندنەکان خاوەنی رۆشنبیرییەکی چارەسازیبان بۆچارەکردنی ئەم کێشانە، بۆنمونە هەر رۆژێک تورکیا چوار پۆلیس لەسنورەکانی کۆبکاتەوە بازارەکانی کوردستان لە شوێنی خۆیان رەق دەبن، بازرگانەکان ئەژنۆیان دەشکێت، جێبەجێکردنی پرۆژە بەرهەم هێنەرەکانی کەرتی تایبەت رادەگیرێن، بەداخەوە رۆژنامەو راگەیاندنەکان خوێندنەوەیەکی رامیاریانەو ئابووریانەیان نیە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، خەڵکی بۆ لەخۆیانەوەو بەبێ بەرنامە لەچی دەترسێن؟ کوردستان ئازادەو دۆستایەتیمان لەگەڵ رۆژئاوادا لەوپەری پتەویدایەو بەدڵنیاییەوە بۆماوەیەکی یەجگار زۆر درێژ لەخاکەکەی ئێمە دەمێننەوەو هیچ دەوڵەتێکی دەوروبەرجیرانیش ناتوانێت پیمان بڵێت ئەوە کلە بەبەری چاوتانەوە، میللەت باکوردایەتی بکات، میللەت با خۆی رێکخات بۆ زەماوەندێکی نزیک.

تێبینی: خوێنەری بەرێز، لەتەمەنمدا جاشایەتیم نەکردووە،خۆشیشم ناوێن، نەشریش نەبووم، کۆنە بەعسیش نیم، لەوەتەی هەم کوردم هەتا دەشمرم لەدیدەی منەدا کورد لەپێش هەموو رەنگەکانەوەیە.

# بونیادی کەسایەتی و پرۆسەی دروستبوون

عەبدالله حمد خۆشناو

هەڵبەتە گەر بمانەوێت قسە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ بکەین، یان کەسایەتی ناتەندروست لەهەمبەر کەسایەتی ساغڵەم و کارا، دەبێ، بەجۆرێکی بابەتیانە و هەمەلایەنە راڤەی کۆی رەفتارو ئەم فاکتەرانەش بکەین، کە دەبنە هۆی دروستبوونی بونیاتنانی بنەماکانی کەسایەتی لە مرۆڤدا. ئەمەش بە رەچاوکردن و خوێندنەوەیەکی وردی هەمووکایە گرنگەکانی ژیان دێتە کایەوە، کەدەبێت لەبەرچاو بگیرێت، چوونکە مرۆڤ بەهێزترین بوونەوەری کۆمەڵایەتیە کە توانای بەکۆمەڵایەتی بوون و کاراکردنی ژیان و بەرێوەبردنی راستەوخۆی هەیە( Direct management) لە ئاست هەموو ئەو فرە رەنگی و ئایدیا جیاوازانەدا کۆشش دەکات کە لەم کەونەدا روو بەرووی دەبنەوە. لێرەدا ئەوەی گەرەکمە ئاماژەی پێ بدەم، پرۆسەی دروستبوونی کەسایەتی و عەقلانی بوونی مرۆڤە کە تاچەند ژینگەو کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسیەکان پارسەنگ و رۆڵ دەگێرن لە دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێز لە زەینی مرۆڤدا، بۆیە دەبێت ئەم قۆناغەی کە مرۆڤ پێیدا گوزەر دەکات بەچاوێکی بەرپرسیاریەتی و بەهەستێکی پر لە ئیحساسەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە زۆر لایەن بەرپرسیارن لە دروستکردنی کەسی (person) خاوەن ئیرادەو هۆشیار، لەناویاندا خێزان وەک نموونە. چونکە کاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت، بوونەوەرێکی سادەو ساکارەو هیچ مەعریفەیەکی نییە، بۆیە ئەم مرۆڤە دەگۆرێت(chang) ئەم ژینگە جۆراوجۆرانە کە مرۆڤ تیایدا گەشەدەکات، لە رووی جەستەیی و عەقڵیەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیشدا مرۆڤ، لە خێزانەوە ئەم بنەما سەرەکیانە فێردەبێ، کە بە کۆڵەگەی سەرەکی دروستبوونی کەسایەتی دادەنرێن. وەلی لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم ئان و ساتانەی کە منداڵ لەباوەشی خێزاندا پەروەردە دەبێت، بەشێک لەم کەسایەتیەی مرۆڤ لە پێکەوە ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە بەرامبەریشدا ئەوەی ئەم رۆڵە دیاری دەکات، مامەڵەکردنێکی ژیرانەی خێزانە لەگەڵ تەمەنە جیاجیاکان، بە پراکتیزەکردنی کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی نەرم و دانسقە، بە فۆرمێک کە دووربێت لە بەکارهێنانی توندوتیژی بە ئارمانجی دروستکردنی هەوێنی باوەڕبەخۆبوون لەناخی مرۆڤدا، بۆ ئەوەی جۆرێك لەو بنەما سەرەکیانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی ئیرادەیەکی سەربەست لە هزری مرۆڤدا کەناڵیزە بکرێت. دواتر لە قۆناغی هەرزەکاریشدا، جۆرێک لە ئەرک دەکەوێتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و رۆشنبیری و حکومی و ناحکومیەکان. خێزان(Family)، بەجۆرێکی تر وەک گرنگیدان بە ژینگە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی تاک، کە ئەمانە سەرجەمیان، کاریگەرن لە دروستکردنی مرۆڤێکی ئاکتیڤ و خودان مەعریفە. لەپاڵ ئەمەشدا، هۆشیاری مرۆڤ لە دابینکردنی پێداویستیە (فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و پێداویستیە کادیەکان) و رەخساندنی بوارێکی رێک و پێک لەگەڵ گرنگیدان بەهەست و نەستی مرۆڤ لەم قۆناغەدا، گەرەنتیەکی دانسقەو باشن لە دروستکردنی کەسایەتیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی لە ئایندەدا توانای باوەڕ بەخۆبوون و خەسڵەتی بریاردان و نەترسی لە مرۆڤدا بەرجەستەبکرێت، بۆ ئەوەی لەهەمبەر، پرسە چارەنووسسازەکاندا کاردەکتەرێکی لێهاتوو کارابێت، چونکە زۆرجار مرۆڤی خاوەن ئیرادەو کەسایەتی و نموونەیی دەبنە مرۆڤی روحی و کاریزمی لە ناخی خەڵکداو سەرەنجام ئەو هزرە وادەکات، خودانی کەسایەتی سەر کەوتوو هەڵگری چەندین سیفات و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی بێت، کە مەرجی سەرەکین لە بەرێوەبردنی گروپ و پێکهاتەی جیاجیا کە دەتوانێت، ئەم توانایەش بە دەرهاویشتەی ئەم ئەزموونە دابنێین کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا مرۆڤ دروستی کردوو. لە دوماهیدا دەتوانین بڵێین کە سایەتی سەرکەوتوو لە مرۆڤدا وادەکات کە لە ئاست رووداوو پێشهاتە نوێکانی جیهاندا کەسێکی زۆر خۆڕاگرو نوێخواز بێت، کە بەم کارەش لە رابەرایەتی کردندا کەسێکی لێهاتوو دەبێت، لە بەرامبەر رای گشتی دا، کە دەتوانین بڵێین ئەم دروستبوونەش بە پرۆسەیەکی دوورودرێژو گوزەرکراو دادەنرێت، چونکە کارێکی خۆکردوو ناکاو نییە.

# قادر ئەسعەد:
# نیگەرانم لە داهاتوویێکی وون داهاتوێك کە قەدەری ئێمەی کوردی پێوە گرێدراوە

عەبولقادر ئەسعەد گۆرانییێژی لاوو دەنگخۆشی شاری قەڵاومنارەو خۆشەویستی گەنجان، لەڕێگای ئیمەیڵەوەو لەسەر چەند تەوەرێکی تایبەت بەهونەرو خەموگرفتەکانی هونەرمەندان لەم دیدارە کورتەدا هێنامانە دواندنو ئەویش بە سینگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە.

سازدانی: توانا عمر

**زنار: پێت وایە هونەری کوردی بەرەو پێشەوە دەچێت یان بەرەو دواوە**

قادر ئەسعەد: من پێم وایە هونەری کوردی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا پێشکەوتنێکی زۆر باشی بەخۆوە دیوە، ئەگەر بەراورد لەگەڵ دوێنێکەمان بکەین، هیوادارم هەنگاوی باشتریش بندرێ لە داهاتوودا، تۆ سەیر بکە ستایلەکان زۆرتر بوینە، کۆمەڵێك دەنگی نوێ هاتۆتە گۆڕەپانەکە زۆر بە شێوەیەکی لێهاتوو کاری هونەری خۆیان ئەنجام دەدەن، لە گەڵ ئەوەش کاری ناشیاویش دەکرێ بەڵام خۆشبەختانە ئەمانە ناتوانن لە گەڵ ئەم کاروانە درێژەدا ڕێگە ببڕن، جێ دەمێنێن.

**زنار: دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا چەند ڕۆڵیان هەبووە لە خزمەتکردنی هونەری کوردی**

قادر ئەسعەد: نەخێر بە شیوەێکی زۆر باش نەیانتوانیوە ئەم پەیامەو خزمەتەی خۆیان بگەیەنن، زۆر جار ئەوان لە بەر بەرژەوەندی خۆیان بۆ ئەوەی بە زووترین کات لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانیان پڕبکەنەوە توشی هەڵەی زۆر گەورەو زەق دەبن کە دەبنە هۆی ناشیرین کردنی بابەتە هونەریەکان بە گشتی، من نازانم ئەم پەلە پەلەیان لە چیە بۆ دابەزاندنی هەموو جۆرە بابەتێك و دیمانەیەك.

**زنار: تاراوگە چی پێ بەخشیوی و چی لێ سەندویتەوە**

قادر ئەسعەد: تاراوگە زۆر شتی جوانی فێرکردم، فێری هێمنی و خۆشەویستی خاکی نیشتمانی کردم، خۆ ناکرێ باسی هەموو نهێنیەکانی تاراوگەت بۆ بکەم، باسی ئەو شەوانەی کە زۆر بۆ پیرە هەولێری و ئازیزانم گریاوم، بەڵێ تاراوگە لە ئێوەو خاکی نیشتمانیشی دابڕیوم.

**زنار: تا ئێستا بۆ بەرهەمەکانت هاوکاری کراوی**

قادر ئەسعەد: بەڵێ هاوکاری کراوم زۆر سوپاس بۆ ئەو هاوکاریانە، هەر چەندە تۆ ناوت ناوە هاوکاری، بەڵام من پێی دەڵێم مافێکی ڕەوای خۆم و هەموو ئەو هونەرمەندانەی کاری پڕ لە داهێنان دەکەن.

**زنار: چ شتێک نیگەرانت دەکات**

قادر ئەسعەد: من نازانم بەڕێزتان باسی کام نیگەرانی دەکەن، زۆر شت هەن کە هەمیشە مرۆڤ نیگەران دەکەن، بەڵام منیش وەکو بەڕێزتان نیگەرانم لە داهاتوویێکی وون داهاتوێك کە قەدەری ئێمەی کوردی پێوە گرێدراوە.

**زنار: بڕیارت نەداوە بێیتەوە کوردستان، پڕۆژەی نوێت چی یە.**

قادر ئەسعەد: بۆکەس هەیە نەگەڕیتەوە ماڵ و یەکەم لانەی ژینی، تۆ پێت وایە سەفەرێکی ئەبەدیمان کردوە، چۆن وا بە ئاسانی دەستبەرداری خاك و نیشتمانم دەبم، دێمەوە دێمەوە بە باوەشی گەرمتان شاد دەبمەوە، دێمەوە تاکو جارێکی دیکەش لە دەووری پیرە قەڕاتێ حاڵ بگرم سەرم بەرز بکەمەوەو تا سەری منارەش ببینم. ئەم ساڵ بە بەرهەمێکی تازەوە دەبمە میوانی ماڵەکانتان بەم زووانە چاوەڕوان بن.

**زنار: وەک دەبیستین لە نێوان هەندێ لە هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستان ململانێیەک هەیە، ئایا ئەو ململانێیە بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت**

قادر ئەسعەد: من ناوی نانێم ململانێ، بەڵکو پێشبڕکێکی هونەری ئەمەش مافێکی ڕەوای هەموو لایەکە کە هەوڵ بدات کاری جوانترو باشتر لەوەی بەرامبەرەکەی بکات، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ پێشخستنی کارەکانمان، بەڵام لە کۆتاییدا هەموومان کارەکانی یەکتر قبوول بکەین و ڕێز لە بۆچونەکانمان بگرین ئەگەر



جیاوازیش بین.

زنار: پێت وانیە سیاسەتو هونەر ئاوێتەی یەکتر بووە

قادر ئەسعەد: تۆ لەوڵاتێك دەژی کێشەیەکی سیاسی بەردەوامت هەیە لە دەرەوەو لەناوەوەش، هونەرمەندیش وەکو وەزیفەیەکی سەرشانی وەکو هەر مرۆڤیکی ئاسایی دیکە، دەتوانێ پەیامەکانی بە پەیڤو مێلۆدییێکی گونجاو بۆ خزمەت کردنی دۆزی میللەتەکەی بگەێنیتە شوێنی مەبەست، بۆیە دەڵێم ئاویتە بوونیان زۆر ئاسایی دەبینم.

زنار: کاریگەری چ هونەرمەندێکت بەسەرەوەیە

قادر ئەسعەد: گەر تۆ گوێ لە گۆرانیەکانی من ڕابگری یان ڕاتگرتبێت دەزانیت، من وەکو قادر ئەسعەد گۆرانی دەڵێم کاریگەری هیچ هونەرمەندێکم لە سەرنیە، بەڵام نکۆڵی لەسەرەتایی درووست بوونی خۆم ناکەم کە کاریگەری زۆر هونەرمەندانم لە سەر بووە.

زنار: قادر ئەسعەد کەسێکی زۆر عاشقە، دەتوانی بیرەوەریەکت لەسەر عاشق بوون باس بکەی

قادر ئەسعەد: ئاخر پێم ناڵێیت کێمان عاشق نەبوین، بۆ دەبێ هێندە زوو گەمەکانی عەشقمان لە بیربچێت، خۆ ئەو کاتانەی مرۆڤ لە ژووان دەبێت چرکەکانی ژیانیش ڕوو لە وەستان دەکەنو پشویەك دەدەن، دەلێم گەڕێن دەلێم گەڕێن عەشقی جاران نایەتەوە دەلێم گەڕێن دەلێم گەڕێن زامی کۆنم مەکولێنەوە.

زنار: یەکێک لەو بیرەوەریە خۆشو ناخۆشانەی کە ساڵانی پێشوو هەت بوبێ ئەگەر بۆمان باس بکەیت

قادر ئەسعەد: هەموو بیرەوەریەکان بەخۆشو ناخۆشەوە لای من هەرجوانن خۆشن هەموو بیرەوەریەکان مێژویەکی پڕ سەروەریان بۆ درووست کردووم، لێم ببورە کە بۆتی ناگێرمەوە با بۆکاتی نوسینەوەی یاداشتەکانم بێت.

زنار: سەبارەت بە پڕۆژەی تازەت

قادر ئەسعەد: وەکو ئاماژەم پێکرد ئەم ساڵ بەرهەمێکی تازەم لە بەردەست دایە کە دەتوانم بلێم لە زۆربەی کارەکان تەواو بومە کە ١١ تراکە هەوڵ دەدەم بگەمە گرێبەستێك لە گەڵ کۆمپانیایەك لەم ماوەیەدا تاکو بتوانم بڵاوی بکەمەوە.

زنار: دوا پەیڤت

قادر ئەسعەد: سڵاوو خۆشەویستیم بۆ ئێوە کە توانیتان لە ڕێگای خۆتانەوە پەیەمەکانم بەهەواداران‌و هونەردۆستانم بگەیەنم ، جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەم.

مۆڕاڵ

# نەفرەت بۆ مێژوو



پەیوەندعومەر

نەریتێکی چەند نا ئەخلاقییە، لەناو بزاوتی فیکری‌و سیاسی ئێمەدان هەوڵێك هەیە بۆ سفرکردنی رابردوو، کارکردن بۆ بنبڕکردنی مێژوو، بەو پاساوەی کە بزاڤو کۆششەکانی کورد، هەمووی جێگای شانازی کردن نین، چونکە زۆرێك لەو کۆششانە، چۆن توندوتیژی بەرهەمی هێناون، بەهەمان شێوەش جۆرێك لە کاردانەوەی توندیان لێکەوتۆتەوە. رەنگە هەموو لایەك کۆك بن لەسەر ئەوەی کە مێژووی ئێمە مێژوویەکی دەستبەسەرکراوبوە، بەو مانایەی هاتنە پێشەوەی هەلومەرجە سیاسی‌و کۆمەلأیەتیەکان بە ویستی ئێمە نەبوەو ئاراستە مێژوویەکانیش، بەرەو ئەو ئامانجە نەرۆیشتووە کە کورد ویستوویەتی. ئەوەش دەرهاویشتەی ئەو ستەمە سیاسیەیە کە دەستی گرتووە بەسەر تەواوی کەناڵەکانی ژیاندا، گەلی ژێردەستە، ئەگەر هۆشیاریەکی مەزن‌و بازێکی کولتووری گەورە نەهاوێت، توانای شانازی کردن بە مێژووەوە لەدەست دەدات، چونکە پێیوایە ئەو مێژووەی کە گوزەری کردووەو یادەوەرەیەکانی پڕن لە تاڵی‌و سوێری، موڵکی ئەونین، بەڵکو دەسەلأت‌و هێزە سیاسیەکان بوونە خاوەنی، واتە مێژوو دەبێتە یەکێك لەهەوڵە نەگەتیڤەکانی ئەو. ئەم سفرکردن‌و داپۆشینە لای گەلی کورد بۆتە خەسڵەتێکی ئەخلاقی تاکی ئێمە، ئامادە نییە خاوەنی یادەوەریەکانی خۆشی بێت، لەسەر ئاستی دەستە جەمعی‌و کارکردن بەیەکەوە بەهەمان شێوەیە، هەنوکە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە شێخ مەحمود ناحەکیمانە لەگەڵ ئینگلیزدا جولأوەتەوەو ئامادە نەبووە، دەست بخاتە ناو دەستیانەوە بۆ بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی گرنگ، ئەمە بێ لێکدانەوەو لەبەرچاوگرتنی واقیعە مێژووییەکەی. یاخود باس لەو دانوستانە دەکرێت کە شۆڕشی کوردی لە قۆناغە جیاوازەکاندا لەگەڵ رژێمە حکومدارەکاندا کردوویەتی، ئەمەش بە لاوازی‌و چۆکدانان حساب دەکرێت.ئایا ئەم تێڕوانینە بۆ مێژوو کارێکی رەوایە، واتە مرۆڤ ئازادە بەشێك لە مێژوو لای ئەو گەل‌و نەتەوانەی کە ستوونەکانی پێشکەوتن‌و شەڕکردنیان لەسەر وێرانەیەکی کولتووری دروستکردووەو هەنوکە وەك نموونەی ژیاری سەرکەوتوو باس دەکرێن، شتێك نابینی بەمانای نەفرەتکردن لە رابردوو. کە دەگوترێ رابردوو، بەمانای خۆ بەخاوەنکردنی تێکڕای هەڵوێستەکان لە تەواوی هەلومەرجەکاندا. شۆڕشی پیشەسازی فەرەنسی، دوای زەمەنێك لە پاشاگەردانی‌و بێ حورمەتی کردن بە خودی مرۆڤ درووست بووە، فەرەنسیەکان نەك نکۆڵی لەمە ناکەن، بەڵکو دەیکەنە سەرەتایەك بۆ هۆشیاری‌و وەدەستخستنی ئەو ژیارە مەزنەی کە دواتر هەیمەنەی دەگاتە تێکڕای جیهان. بەلأم ئێمە ئەمەمان قبوڵ نییەو پێمانوایە گەلێکین هەر بە سروشت سەردەستەو خاوەن دەسەلأت‌و ژیاری سەربەخۆبوین. لە مێژووی تازەماندا کە حزبەکان پشکی شێریان لە وەرگەڕخستنیدا هەیە، زۆر سەرەڕۆیانە بۆ ئەوەی لەهەندێ بەرپرسیاری ئەخلاقی هەڵبێن، زۆرێکی بەرابردوو دەشارنەوە، هەرئەم جۆرە تێڕوانینە وایکردووە زۆرێك لە کارەساتە مێژوویی‌و تراژیدیە مەزنەکان دووبارە ببنەوە. بۆ نموونە شەڕی ناوخۆ مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە( هۆز، عەشیرەت، میرەکان، حزبەکان)هەریەك لەمانە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بوونی هەبوە، بەلأم چونکە وەکو کردەیەکی راگوزەرو شاراوە نیگا کراوەو نەبۆتە ماددەی توێژینەوەو لێڕامانی قوڵ، نەتوانراوە بوێرانە پەنجە بخەینە سەر هۆکارەکانی، وەك یادەوەریەکی مێژوویی تاڵ سەیربکرێت‌و بکرێتە چەقی چاکسازیەکی گەورە، بۆیە قۆناغ دوای قۆناغ لە مێژووی ئێمەدا دووبارە بۆتەوە. هۆشیاری‌و ئاگایی ئەوە نییە کە تەنها خاوەنی شتە جوان‌و باشەکان بین، بەڵکو ئەوەیە کە بتوانی هەردووکیان وەکو شتێکی ئەخلاقی سەیربکەیت‌و هێزی درك کردن‌و ژیان‌و ویستت گەشەبکات. چونکە ژیاری هەمووی بریتی نییە لەجوانی، لە چاکەخوازی.. بەلأم دەکرێ لە رێگای هۆشیاریەوە ئەخلاقی جوان‌و راستی‌و چاکەکاری بکەینە پانتاییەکی گەورە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی راست‌و دروست.

# هەڵدانەوەی لاپەڕە مێژووییەكانی شانۆو

**حیكایەتی یەكەم شانۆنامەی منداڵان..بەسەرباڵی چۆلەكەكانەوە**

**یادەوەری: خدر ئیبراهیم**

لەناوەڕاستی هەشتاكانی سەدەی ڕابووردوودا، ڕانیە وەك ناوەندێكە زیندوو شایەدی جموجۆڵێكی فرە ڕەنگو فرەكەناڵی هونەریو ئەدەبی بوو، لەپەنا چالاكیە ڕۆشنبیریو كولتوریەكان كەلەمیانی سازكردنی كۆڕەئەدەبیەكاندا ڕەنگی دەدایەوە، چەندین تیپی شانۆو نواندنیش لەگۆڕەپانەكەدا سەرگەرمی چالاكی بوون. هەڵبەتە ئەوەدەمەی كردەی نواندنو هەڵبژاردنی دەقەكانو بەشداریكردن لەوبوارەدا، بەجۆرێك لەزیندوێتی لەخۆبوردوویی‌و تەحەدداكردن تەماشادەكرا، بەوپێەی كەلەمیانی هەردەقێكی جددی نمایشكراوەوە هەوڵدەدرا جۆرێك لەوشیاری سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی یان جینایەتی بەخەڵك بگەیەندرێت، لەهەمانكاتیشدا وەڵامدانەوەیەك بێت بۆ ئەو هەژموونە ترسناكەی دەستەڵاتی دكتاتۆریەت لەهەموو ئاستەكانەوە بەسەر كۆمەڵگای كوردەواریدا سەپاندبووی. كەواتە شانۆو نواندنو چالاكییە ئەدەبیەكان لەوسەردەمەدا لەكورتترین مانادا بریتی بوون لەخۆسەلماندنو ئیرادەی مانەوەو ڕەفزكردنی هەژموونی دكتاتۆریەت، پێشمواییە كەمو زۆر ئەم جموجۆڵو چالاكیانە هەندێك ئامانجیان لەوبوارەدا پێكاوە، هەم لەڕانیەو هەم لەشارو شارۆچكەكانی دیكەشدا، لەكوردستان. ئەوەدمانە ئەگەر هەڵەم نەكردبێت، ژمارەیەك تیپی شانۆیی‌و نواندن لەڕانیەدا سەرگەرمی چالاكی هونەری بوون، كەئەمانە بوون"تیپی نواندنی ڕانیە، تیپی شانۆی ئاسۆس، تیپی نواندنی میللی ڕانیە، تیپی شانۆی بیتوێن، تیپی شانۆی چالاكی قوتابخانەكان، تیپی شانۆی مەشخەڵ"..ئێمەو بەشێك لەكوڕوكاڵانی دیكەی ڕانیە كەلەقۆناغی ئامادەییدا بووین، ماوەیەك لەناو" تیپی شانۆی چالاكی قوتابخانەكان" كەوتینە جموجۆڵو ویستمان شانۆی" گڵكۆی تازەی لەیل" پێشكەش بكەین، هەرچەندە بۆماوەی زیاتر لەمانگو نیوێك بەبەردەوامی سەرگەرمی پرۆڤەو خۆڕاهێنان بووین، بەڵام سەرئەنجام بەهەر هۆیەكەوە بێت ئەم كارە هونەریە ئەنجام نەدرا !..پاش ئەوە كۆمەڵێك برادەر تیپی شانۆی"بیتوێن"یان دروست كردو دواتر ناوی ئەم تیپەش گۆڕدرا بۆ" تیپی شانۆی مەشخەڵ" ئەم تیپەش ژمارەیەك كاری هونەری ئەنجامدا، یەكێك لەوانە نمایشكردنی شانۆنامەی "چۆلەكەكان "بوو، بەهاوكاری هونەرمەندی ناسراوی دەقەری هەولێر كاك" ئەنور شێخانی " لەسەرەتاكانی مانگی ئابی ١٩٨٦ دا . لەوساڵەدا، لەڕێگەی "ئەنورشێخانی"



هونەرمەندەوە، بیروڕا سەبارەت بەكاركردن لەشانۆنامەیەكی منداڵاندا هاتەگۆڕێ، دوای قسەوباس‌و بیرو ڕا گۆڕینەوە، بڕیاردرا شانۆگەری"چۆلەكەكان"كەلەنوسینی"جەبا ر سەبری"و وەرگێڕانی"زایەر عبدوڵا"بوو كاری تێدا بكرێتو وەك یەكەمین هەوڵی شانۆی منداڵان لەڕانیەدا نمایش بكرێت، خودی كاك " ئەنور "یش ئەركی دەرهێنانی لەئەستۆ بگرێت. هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەم شانۆنامەیەش بەپێی بۆچوونی خۆم لەلایەن كاك"ئەنور"و پاشانیش ڕازی بوونی ستافی كاراكتەرەكان لەسەری پەیوەندی بەدوو هۆوە هەبوو، لەلایەك ناوەرۆكێكی ڕوونو ئاشكرای منداڵانەی دەربڕدەخستو پەیوەست بوو بەدیاردە بەرجەستەو بیندراوەكانی سروشتی كوردستانەوە، لەلایەكی دیكەشەوە لەوسەردەمە دەكرا لەپشتی ئەو دەقەوە هەندێك ئاماژەی دیكەی لێبخوێنیتەوە، كەلەگەڵ واقیعی حاڵدا دەهاتەوە، چونكە ناوەرۆكی دەقەكە باسی لەململانێی نێوان"هێزی شەڕو هێزی خێر" دەكرد، كەسەرئەنجام هێزی "خێر "گرەوی سەركەوتنی دەبردەوە، ماوەی زیاتر لەمانگێك كردەی پرۆڤەو ڕاهێنان بەڕێوە چوو، لەوبوارەشدا بنەماڵەی بەڕێز " جەمال هیرانی" تەواوی ئاسانكارییان كردو ژمارەیەكی بەرچاو لەمنداڵەكانیان بەشدارییان لەو شانۆگەریەدا كرد، تەنانەت خاتوو "تەلار هیرانی " ڕۆڵی پاڵەوانی شانۆگەریەكەی پێدرا، ئەمەو ڕۆژی "٤-٥"ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٦ لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی ڕانیە نمایشكراو خەڵكێكی زۆر توانییان چێژ لەبینینی وەربگرنو پێی سەرسام بن ! . . لێرەدا بەئیجازەی كاك"ئەنور شێخانی" دەمەوێت ئاماژە بۆ ڕووداوێك بكەم كەتیایدا دەری دەخات ئەم هونەرمەندە چەند بەدڵو نەفەسكی دڵسۆزانەوە لەهەوڵی سەركەوتنی ڕۆڵی كاراكتەرەكانو گەیاندنی مەبەستەكانی شانۆگەریەكەدا بووە، ڕۆژێكیان كەهێشتا دووسێ ڕۆژی مابوو شانۆگەریەكە نمایش بكرێت، لەگەرمەی پرۆڤەكردندا كاك "ئەنور " تورەیی دایگرتوو بەهۆی هەڵەی یەكێك لەكاراكتەرەكانەوە هاواری كرد "بەسە . .بەس ! . .باكراسەكەی خۆم نەدرم!.."لەگەڵ گووتنی ئەم قسەیەشدا دەمو دەست كراسەكەی خۆی دادڕیو هەندێك لەقۆپچەكانی كەوتنە سەر زەوی، بەڵام هەر زوو داوای لێبوردنی كردو پارەی دایە كاك"كاوە عبدوڵا"تاڵەبازار كراسێكی دیكەی تازەی بۆ بكرێت. دیارە هەڵچوونو تورە بوونەكەی لەجێگەی خۆیدا بوو، چونكە لەپێناو سەركەوتنی زیاتری

# نواندن لەڕانیەدا



کارەکەدا بوو، بەڵام هەڵەکانی ئێمەش هێندە جێی گلەیی نەبوون، چونکە بەشێکمان هێشتا هەر لەقۆناغی هەرزەکاریدا بووین‌و بەشێکی دیکەش هێشتا منداڵ بوون!.. تائەو شوێنەی لەیادەوەریمدا ماوە ڕۆڵی کاراکتەرەکان بەم شێوەیە دابەشکران "تەلار هیرانی – ڕۆڵی باوکە چۆلەکە، جەمال محمد – ڕۆڵی جوتیار، کاوە عبدوڵا – ڕۆڵی سەرۆکی قەلە ڕەشەکان، خدر ئیبڕاهیم – ڕۆڵی قەلەڕەش، سەباح ئەحمەد – ڕۆڵی قەلە ڕەش، میران هیرانی – ڕۆڵی دایکە چۆلەکە، خدر ئیبڕاهیم – ڕۆڵی شەیتانی یەکەم، علی کەمال – ڕۆڵی شەیتانی دووەم، سەباح ئەحمەد – ڕۆڵی شەیتانی سێەم، کاروان هیرانی‌و کاسترۆ هیرانی‌و نیشتیمان محمدو رۆشنا عەزیزو لەیلا ئەحمەدو سیروان ئەنوەرو بێری ئیسماعیل – ڕۆڵی چۆلەکە" کارە هونەریەکانیش بەم شێوەیە دابەشکرابوون "دیکۆر لەلایەن ستافی بەشداران‌و هونەرمەند فریاد عەبدولرحمانەوە ئامادەکرابوو، ئەویش بریتی بوو لەکێشانی وێنەیەکی گەورەی سروشتی کەلە پشتەوەی شانۆوە هەڵواسرابوو، لەسەر شانۆش لقی درەختی سنەوبەر بەهۆی بەردو خشتەوە دانرابوون، کەبەهەوڵی ستافی بەشداربوان‌و لەسەروی هەمووشیانەوە کاك کاوە عەبدوڵاو جەمال محەمەد لەغاباتی سەر ڕێگای (ڕانیە – دەربەند)ەوە هێنرابوون، لەجل‌و بەرگدا زۆر سود لەجل‌و بەرگی کوردی وەرگیرابوو، چۆلەکەکان جل‌و بەرگی کوڕانەو کچانەیان لەبەردابوو، دووباڵی کاغەزیان بۆ دروست کرابوو، لەگەڵ جوڵانەوەی دەستەکانیان، دەلارانەوە، جوتیاریش هەربەرگی کوردی پۆشی بوو، قەلە ڕەشەکان جلوبەرگیان لەقوماشی ڕەشی ڕەنگ قەترانی بۆ دروستکرابوو، دەموچاویان بەبۆیە ڕەشکرابوو، شەیتانەکانیش بەرگێکی سەرەو ناقۆڵایان پۆشی بوو کەبریتی بوو لە کاوبۆیەکی کورتی خراپ‌و ڕزیو کەتا سەر ئەژنۆیان دەهات، بەسەر پەنجەکانیانەوە نینۆکێکی درێژ هەبوو، کەلەنایلۆن دروستکرابوو، دوو کەڵە شاخی درێژی لە ئیسفنج دروستکراویان بەگوێچکەکانیانەوە بوو"...

هەندێ تێبینی‌و ڕوونکردنەوە:- ڕێکەوت وابوو، لەڕۆژی کۆتایی پڕۆڤەکاندا، کەبۆ ڕۆژی دوایی شانۆگەریەکە نمایش دەکرا، هەواڵی گرتن‌و ڕەشبگیری لەناو ڕانیەو بیتوێندا بڵاو بۆوە، شەوەکەی ژمارەیەکی زۆر لەگەنج‌و خەڵکانی ئەو ناوچەیە بەرەو دەرەوەی ڕانیە چوون‌و ڕوویان لەبناری کێوەڕەش دەکرد، ئەوەش بۆ ئێمە مایەی نەگبەتی‌و کارەسات بوو، بەڵام خواکردی‌و بۆ سبەی بارودۆخەکە ئارام بۆوەو لەماوەی دوو ڕۆژی نمایشەکەدا ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئامادەی بینینی شانۆگەریەکە بوون.

هەرچەندە بۆ بینینی نمایشەکە پسولەی تایبەت ئامادەکرابوو، بەڵام پێم وایە ژمارەی ئەوانەی لەو دوو ڕۆژەدا ئامادەو بینەرمان بوون زۆر زیاتر بوو لەژمارەی ئەو پسولانەی ئامادەمانکردبوون، ئەمەش بەهۆی زۆری بینەرو لایەنگری لەکاراکتەرەکان‌و منداڵانی شاری ڕانیەوە بوو.

ئەرشیفی ئەو شانۆگەریە کەبریتی بوو لە زیاتر لە(١٥) وێنەی فۆتۆگراف‌و پسوڵەی نمایش‌و کارتی زانیاری شانۆگەریەکە تاکو ساڵی ١٩٨٩ لەلام پارێزراو بوون، بەڵام بەداخەوە لەو ساڵەدا لەکاتی ڕاگواستن‌و وێرانکردنی شاری(قەڵادزێ)دا، لەپاڵ زۆر شتی دیکەدا، فەوتان، یان بەجێ هێڵدران، چونکە لەکاتی ڕاگواستنەکەدا ئێمە وەك خوێندکاری پۆلی شەشەمی وێژەیی لەسلێمانی لەقوتابخانەی ( ئاسودە) تاقیکردنەوەی بەکالۆریمان ئەنجام دەدا، تەنها وێنەیەك لەو یادگارە کە بەقودرەتی قادر نەفەوتابوو، والەپاڵ ئەو نوسینەدا بڵاوی دەکەمەوە.

# مامۆستا حەمەئەمین پیرۆت (١٩٣٤-٢٠٠١)

## یەکەم مامۆستای دەڤەری بیتوێن

**کامەران عەبدە ساڵح**
Kamaran_١٩٧٧@yahoo.com



مرۆڤە مەزنەکان وا ڕاهاتوون کە هەردەم خولیای زانستن، هەمیشە بەدوای تێگەیشتن لە سەرجەم ماناکانی ژیان لە گەڕانی بێ پسانەوەدان، ئیتر دەبنە کاروانچییەکی گەڕۆك، بەدوای سەرچاوە گەوهەرییەکاندا ڕێچکەی تەمەن دەگرنەبەر.

لەم دەڤەرەشدا، دەورووبەرمان لەو جۆرەکەسانە بوون کە لەهەوڵدابوون بۆ ئەوەی بوارێك لە بوارەکانی ژیان بەجوانی بەڕێ بکەن، تابنە شۆڕەسواری مەیدانی ئەفراندنو جوانکردنی ئەو سیمایانەی کە کەسایەتییان بەرەو یەکەمەکانی کارو پیشە پیرۆزەکان پەلکێش دەکات. ئەرکی مێژووییمانە کە گەورەییو شیرینییەکان بە زەمانێك بدوێنین، بە چاوی گەورەیی وەك خۆیان وێنەیان بکەین تا پەراوێز نەخرێن، لە یادەوەریشماندا هێماکانیان ببنە سەرچاوەی فێربوونو وانە وەرگرتن لە ئەزمونە یەکەمینەکانی ئەوان، ئەوان کە لە سەردەمێکدا دوور لە هەموو ئەو پێشکەوتنە ڕۆشنبیریو تەکنەلۆژیایەی ئێستا، هەرخۆیان سەرچاوەی گەڕانو فێربوون بوون، بە کۆششی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە دواجار سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. ئەوەی گەرەکمە ئەمجارە لەبارەیەوە بدوێم، یەکەم کەسی دەڤەری بیتوێنە کە بۆ یەکەمجار توانی لە ناوچەکەیدا بگاتە پلەی مامۆستاو، بڕوانامەی ئەو پیشەپیرۆزە بەدەستبهێنێت کە هەر تاکێکی مرۆڤایەتی بە زاناو دکتۆرو ئەندازیارو سەرجەم چینو توێژەکانەوە خۆیان بە قەرزداری دەزانن، سەرەنجام لەسەردەستی ئەو دەیانو سەدان خوێندکار پێگەیشتن. خوالێخۆشبوو (حەمەئەمین پیرۆت ڕەسول) ساڵی ١٩٣٤ لە ڕانیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە ڕانیە تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن لەم شارەدا بوونی نەبووە، بۆ تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی چۆتە قەزای کۆیەو دواتریش چۆتە شاری هەولێر، بەڵام لەوێ لە بەشی ناوخۆ وەرنەگیراوە، چونکە ئەوساش ڕانیە سەر بە پارێزگای سلێمانی بووە. پاشماوەیەك لەگەڵ (مامۆستا سلێمان)ی برایدا چووەتە شاری سلێمانی، کەچی بەخت یاوەری نابێتو لەوێ پێی ڕادەگەیەنن کە بەشە ناوخۆییەکان گیراون، (مامۆستا مەلا پیرۆت)ی باوکی کە کەسایەتییەکی ناودارو پایەداری بواری کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆی بووە، لە سلێمانی خانوویەکی بۆ بەکرێ دەگرێت، ماوەی دوو ساڵ تیایدا دەمێنێتەوە. بەمجۆرە خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکات، پاش ئەمە بەشداری لە خولی مامۆستاییدا دەکات. لەساڵی١٩٥٧دا وەك یەکەم کەسی لەدایکبووی بیتوێن بە مامۆستا دادەمەزرێت، لە ناوچەکانی (سیدەکان)و(قورشاغلو)و(بۆسکێن)و(ڕانیە) وانەی بە قوتابیان وتۆتەوە. یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ئاکۆ) بووە لە ڕانیە، ماوەی ١٠ ساڵ لەو پلەیەدا ماوەتەوە. بەهۆی ئەوەی کە مامۆستایەکی زیرەكو خەمخۆری قوتابیانی بووە، لە هەمان ئەو سەردەمەدا کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوبراو بووە، وانەی بە خوێندکارانی قۆناغی ناوەندیش وتۆتەوە. دوای سی ساڵ خزمەت لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، بەپێی نوسراوی ٩٩٣٥٤٣١ لە بەرواری ٢/٨/١٩٨٨ لە لایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانییەوە خانەنشین کراوە. بەداخەوە، ئەم مامۆستا خزمەتگوزارە لە بەرواری ١٩/٣/٢٠٠١ لەتەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. گەرچی ئەو ڕۆیشتو بە جەستە ماڵئاوایی لێکردین، بەڵام دوای خۆی شۆرەتێکی گەورەو بەهاداری وەك یادگاری جێهێشت، کە هەمیشە دانیشتوانی دەڤەرەکەی شانازی پێوەدەکەن.

# فیل

ئەسلاڤ میر مرژۆك
و. ئازاد نجم

بەڕێوەبەری باخچەی ئاژەڵان سەلماندی کە مرۆڤێکی تازە پیاکەوتوو دەست پێوەگرە، ئەو دەیویست لە ڕێگەی ئاژەڵەکانیەوە پلەی خۆی بەرز بکاتەوە، بەڵام باش بوو سەبارەت بە گرنگی دان بە ئاژەڵان باخچەکەی جیاوازی لە نێوانیاندا نەدەکرد. لە باخچەکەدا زەرافەیەکی مل کورتی هەبوو، گۆڕهەڵکەنی نەبوو، توتیە بە هاتو هاوارەکان هەموو هەستو نەستێکیان لەدەست دابوو، جیقە جیقیان نەدەکرد، یان ئەوەندە بەبێ مەیلی ئەویش زۆر کەمو بەدەگمەن جیقە جیقێکیان دەکرد. ئەم کەموکوڕیانە، کارێکی باش نەبوو، ئەویش لەسەر وەختێکدا بڕیاربوو چەند دەستەیەك لە منداڵە قوتابیەکانی شار بۆ دیدەنی بێن بۆ باخچەکە. ئەم باخچەیە کەوتبوە یەکێك لە شارۆچکەکانەوە، جێگای گەلێك لە گیانەوەرە گرنگەکان بۆ وێنە فیل لەم باخچەیەدا خاڵی بووە کە نەدەکرا بەسێ هەزار کەروێشکیش جێگاکەی پڕبکرێتەوە. وڵات پێشقەچوونی بەخۆوە دیبوو، دەکرا ئەم کەمو کوڕیانە بە پلانی باشو گونجاو چارەسەر بکرێنو کاریان بۆ بکرێت. بەبۆنەی (٢٢ی ژوئیە) سالگەری ئازادی وڵات، هەواڵ بڵاوبوەوە، کە باخچەی ئاژەڵان فیلێك دەهێنن، هەموو کارمەندانی باخچەکە خۆبەخشانە خۆیان تەرخانی کارەکانیان کردبوو، زۆر خۆشحاڵ بوون، شادیەکەیان زیاتر بوو بەوەی کە بیستیان سەرۆك هەواڵنامەیەکی ڕەوانەی (وارشۆ) کردوەو تیایدا داوای پارەوپولو بودجەی نەکردبوو، بە پیچەوانەوە پێشنیازی کردبوو کە بە ساناترینو سادەترین ڕێگە فیلەکە دابین دەکات. ئەو نوسیبووی " منو هاوکارانم باش دەزانین کە کڕینی فیلێك چ بارێکی قورسو گران دەخاتە سەرشانی مەعدەنچیو کرێکارانی توانەوەی ئاسنی پۆڵەندەی وڵاتمانەوە، لەراستای کەمی دەرامەتی ئەمڕۆدا، لە جێگای ئەو فیلەی کە ئێوە لە نووسراوەکانتاندا ئاماژەتان پێ دابوو، من پێشنیاز دەکەم..

لە بەرهەمە خۆماڵیەکانی خۆمان کەڵك وەرگرینو فیلێکی لاستیکی دروست بکەین بە ئەندازەی فیلێکی ڕاستەقینەو هەوای تێ بکەینو لەپشت پەرژینە ئاسنیەکە دایبنێین بەشێوەیەکی وا ڕەنگی بکەین لەگەڵ فیلی ڕاستەقینەدا جیاوازی نەبێتو هەستی پێ نەکرێت، چونکە فیل هەر بە سروشتی خۆی ئاژەڵێکی تەوەزەلەو زۆر بزێو نییە، دەکرێ یاداشتێك بە پەرژینە ئاسنینەکەوە بلکێننو لێی بنووسین (ئەم فیلە زۆر تەوەزەلەو ناجولێتەوە) ئەو بڕە پارەیەش کە لە کڕینی فیلەکە دەمێنێتەوە دەکرێ لە کڕینی (فڕۆکەی جێت)و پاراستنی کلێساو باڵەخانە مێژوویەکاندا بەکاری بێنین، هەروەك ئاگاداریشن کە ئەمە بیرۆکەی خودی خۆمەو لە پێناوی ئامانجی هاوبەشو لە پێناوی شۆڕشو ... تاد".دەبوو ئەو نامەیە گەیشتبایە دەستی کارمەندێك کە لای ئەو تەنیاو تەنیا، کەم بوونی هەزێنەو پارەی تەرخانکراو گرنگ باو لە دیدێکی دیوان سالاری ڕووتەوە سەیریس شتەکانی کردبا. بیرۆکەی بەڕێوەبەریان پەسەند کرد، لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری وەزارەت، بەڕێوەبەر فەرمانی دروستکردنی فیلە لاستیکەکەی دەکرد. بڕیاربوو کە لە دوو لاوە دووکەس فوی تێکەن، بۆ ئەوەی کە کارەکەیان بە جوانیو بە نهێنی بێت، بەس شەوان کاریان تێدادەکرد، خەڵکیش کە بیستویانە بڕیارە فیلێك بێننە باخچەکە، زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی هاتنی بوونو تامەزرۆی بینینی بوون، کاکی بەڕێوەبەریش زۆری پەلەبوو کەکارەکە بە خێرایی تێپەڕێ، چونکە هەم پاداشتێکی بۆئەو تێدابوو، هەم دەبوە مایەی بەرز بوونەوەی پلەکەی. دووپاسەوان لە باخچەکەدا کەوتنە فودانی فیلە لاستیکیەکە.. دوای دووکاتژمێر بینیان کە لاستیکەکە، بە ئەستەم لە زەوی جیابۆتەوەو هیچ شێوەشی لە فیل ناچێت. شەو درێژەی هەبوو لە دەرێ وردە وردە دەنگەکان خامۆش دەبوون تەنیا دەنگی ئاژەڵەکان بوو، کە بێدەنگی شەوی دەشکاند، کاتێك کە دڵنیابوون ئەو هەوایەی کە لە فیلە لاستیکیەکەیان کردو بەتاڵ نابێتەوە، ماندوو شەکەت، وازیان لە کارەکە هێنا، ئیدی ئەوان تەمەنی لاوییان تێپەڕاندبوو ئەو تاقەتو توانایەیان نەمابوو جگە لەوە ئەمە کاری ئەوان نەبوو. یەکێکیان گوتی: گەر بەو جۆرە کاربکەین، دەبێ ئەم شەو تابەیانی هەر پفەمان بێت.. ئەدی دوایی چی بە ژنەکەم بڵێم؟ ئایا باوەڕم پێدەکات، بڵێم تابەیانی فیلم فوداوە!؟. پاسەوانی دووەم گوتی: قسەکەت ڕاستە ئەمە کاری ئێمە نییە، هەمووی تاوانی ئەو سەرۆکە چەپ گەرایەیە. یەکەمیان گوتی: دەقیقە بە دەقیقە ناشیرینتر دەبێ. دووەم گوتی: بەڵێ کارێکی سەختە، وەرە با پشوویەك بدەین. لەکاتی پشوودا یەکیان چاوی بە سۆندەی غازەکە کەوت، ڕووی کردە هاوکارەکەیو گوتی.. باشە ناکرێ بەغاز فووی بدەین؟ بیریان کردەوە تاقی بکەنەوە، سۆندەی غازەکەیان لە فیلەکە بەستو قفڵەکەیان کردەوە، لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا گیاندارێکی زلو زەبەلاح لەبەردەمیان قوت بوەوە، زۆر کەیف خۆش بوون، بە تەواوی لە فیلێکی ڕاستەقینە دەچوون، قاچەکانی ئەستوور وەکو کاریتە، گوێچکەکانی گەورە. بە دڵنیاییەوە دەکرا بڵێی، بەڕێوەبەر فیلێکی هێناوەتە باخچەکە. ئەو پاسەوانەی کە بیرۆکەی سۆندە غازەکەی بەمێشکدا هاتبوو گوتی: پێویست بە قسە ناکات، بەرێکەوە با بڕۆین بۆ ماڵێ. بەیانی ڕۆژی دواتر فیلەکەیان بردە قەفەسی تایبەتی خۆی لە ناوەڕاستی باخچەکە ، لە نزیك مەیموونەکان لە تەنیشت سەگێکی زلو کەتە، فیلەکە زۆر بەشکۆو بزێو دەهاتە بەرچاوان، یاداشتێکی گەورەشیان نووسی بوو" ئەم فیلە زۆر تەوەزەلە ناجولێتەوە".یەکەمین دەستەی میوان پێکهاتبوو لە منداڵە قوتابیەکانی ناوچەکە، مامۆستاکەیان هەوڵی دەدا وانەیەکی ڕاستەوخۆو زیندوو دەربارەی فیل بداتە قوتابیەکانی. قوتابیەکانی لەبەردەم قەفەسی فیلەکە ریز کردوو ڕووی تێکردنو گوتی: فیل لە گیانلەوەرە شیردەرە گیاخۆرەکانە، ئەم گیاندارە بە یارمەتی خەرتومە درێژەکەی درەختە بچوکەکان هەڵدەکەنێو گەڵاکانی دەخوات. منداڵەکان بە سەرسامیەوە سەیری ئەو ئاژەڵە زلەیان دەکردو چاوەڕوان بوون درەختێك لە ڕەگەوە هەڵکەنێو بیخوات، بەڵام ئەو لەناو قەفەسەکەوە جمەو بۆڵەی نەبوو.: فیل لە پاشماوەی نەسڵی ماموتە لەناوچوەکانەوە، جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئێستا بە گەورەترین ئاژەڵی وشکانی دێتە ئەژمار:تەنیا (واڵ) لەفیل قورسترە، بەڵام واڵ لە دەریادا دەژی، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە فیل سولتانی بێ ڕکابەری وشکانییە: قورسایی فیلێکی پێگەیشتوو لەنێوان چوار تا شەش تەن دایە. لەناکاو فیلە جولەیەکی کردو لە زەوی جیابوەوە، چەند ساتێك دواتر لەسەر درەختەکان با دەیهێناو دەیبرد، کە سەرەنجام بایەکی توند هەڵیکردو بەرەو تاقی ئاسمان هەڵیگرت، بەس سێبەرەکەی بەدی دەکرا، تا ماوەیەك خەڵکی بەس ناو لەپیو قاچەکانیو ورگیان دەبینی، بایەکی دی هاتو ئیدی بەیەکجاری لە چاوان ون بوو، مەیموونەکان حەپەساوو سەراسیمە هێشتا سەیری ئاسمانیان دەکرد. دواتر فیلەکەیان لە باخچەی گیاناسی کە لەسەر درەختێکی کالیپتۆس نیشتبۆوە دۆزیەوە، کە پێستە لاستیکیەکەی کون بوو بوو. منداڵە قوتابیەکان کە ئەو ڕووداوەیان لە باخچەی ئاژەڵان بەچاوی خۆیان بینی بوو، ئیدی وازیان لە خوێندنو قوتابخانە هێناو دواتریش هەواڵ هەبوو کە گوایە، هارو هاجی دەکەنو شوشەی پەنجەران دەشکێنن، لەوە بەدوا ئیدی هیچ باوەڕو متمانەیەکیان بە فیل نەمابوو.